# نەوەی نوێ: دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید سیاسییە



پەرلەمانتارانی نەوەی نوێ رایانگەیاند، دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید، سەرکی جوڵانەوەکە سیاسییە و یاسایی نیە.

بوار ئەوڵەحمان، ئەندامی فراکسیۆنی نەوەی نوێ ئەمڕۆ چوارچەممە لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ڕایگەیاند، "جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕاهاتوە لەگەڵ ئەو هەفتارانەی پارتی و یەکێتی، ئەمڕۆ چاوەڕوان بوین بهێنرێتە بەردەم دادوەر، بەناو بەشوەیەکی نایاسایی هەڵبژاردنی داهاتوش نەوەی نوێ بە تەواوی توانایەوە بەشداری دەکات.

بوار ئەوڵەحمان وتیشی، "هەموان دەزانن کە ئەم دۆسیەیە سیاسیە و لە بەرامبەر ڤیدیۆیەکی شاسوار عەبدولواحیدە کە وتی ئەگەر تا هەفتەی داهاتو پابەندی نەکەوتنەکە

نەبن ئەوا جوانەوەکە هەنگاوی کردەیی دەنێت".

ڕاشیانگەیاند: لەرووی یاساییەوە بە غیابی حوکمدراوەو پارێزەکەی پێچی گرتووە لەو بیارە.

ڕونیشیانکردەوە: بڕچی پێش شەش ساڵ داوا تۆمارکراوە ئێستا جێبەجێی دەکەن بێیە بیارەکە سیاسیە نەك یاسایی، و هێندەك لە دادوەرکانیش لژێر فشار و کاریگەری حزبدان.

باسیان لەوشکرد: شاسوار عەبدولواحید لسەر ئەوەی وتویەتی ئێگەر موچڕ نەدەن هەوەست رادەگەیەنین بێیە دەستگیریان کردووە، تا ئێستاش نازانین لە کوێ دەستبەسەرەو نشیان هێنا بە دادگا.

ئەوەشی وت، "سەلامەتی گیانی شاسوار عەبدولواحید لەئەستێی پارتی و یەکێتی و لەنویشیاندا بافڵ تاڵەبانیدایەو ئەو کردەوەیەشیان بەمانای ترساندنیان دێت لەهەڵبژاردن".